پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- هەردوو دەستەکانی هەتاوەکو ئاستی شانەکانی بەرزدەکردەوە: ئەگەر نوێژی دابەستایە

لە ئیبن عومەرەوە -ڕەزایان خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- هەردوو دەستەکانی هەتاوەکو ئاستی شانەکانی بەرزدەکردەوە: ئەگەر نوێژی دابەستایە (دەستی بە نوێژ بکردایە - تەکبیرەی ئیحرامی^ بکردایە-)، وئەگەر تەکبیرەی بکردایە بۆ ڕکوع بردن، وئەگەر سەری لە ڕکوع بردن بەرز بکردایەتەوە ؛ بە هەمان شێوە دەستەکانی بەرز دەکردەوە، ودەیفەرموو: (سَمِعَ الله لمن حَمِدَهُ رَبَّنَا وَلَكَ الحَمْدُ)^^، ولە کاتی سوجدە بردندا ئەمەی نەدەکرد». ^(تەکبیرەی ئیحرام: یەکەم -الله أكبر-ە کە دەووترێت بۆ دەستپێکردن بە نوێژکردن)، ^^(خودا وەڵامی ئەوانە دەداتەوە کە حەمد وسوپاسی دەکەن، ئەی خودایە حەمد وسوپاس تەنها بۆ تۆیە)

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لەکاتی نوێژدا دەستەکانی بەرز دەکردەوە هەتاوەکو ئاستی شانەکانی ؛ لە سێ شوێندا، شوێنی یەکەم: ئەگەر دەستی بە نوێژ بکردایە لەکاتی ووتنی تەکبیرەی ئیحرامدا. شوێنی دووەم: ئەگەر تەکبیری بکردایە بۆ ڕکوع بردن. شوێنی سێیەم: ئەگەر سەری بەرز بکردایەتەوە لە ڕکوع بردن وبیوتایە: (سمع الله لمن حمده ربنا ولك الحمد). دەستەکانی بەرز نەدەکردەوە ؛ نە لەسەرەتای سوجدە بردن ونە لەکاتی بەرزبوونەوە لە سوجدە.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3095